ژمارە (٤٣٠)    ١٨ ئەیلول ٢٠٠٧
هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز
وەزیری رۆشنبیری

سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان
مۆبایل: ٤٤٥٢٧٩٨



# لە ئەمەریکا.. گفتوگۆی دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆ دەکەن

**نووسینی: تینا سیو**

پرۆفیسۆر رۆبەرت ئۆسلن پسپۆڕە لە بواری سیاسەتی کورد لە زانکۆی "کنتاکی" لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، گوتی: "ئەگەر کوردی دانیشتووی باکووری عێراق و تورکیا مەبەستیانە نەتەوەیەکی نێودەوڵەتی و رەسمی پێکبێنن، ئەوا ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئەم نەتەوەیە بێتەجێ و دروست ببێت وەکو دووەمین وڵاتی نا ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا".

لە میانی دەستپێکی کۆنفرانسی سیاسی و ئابووری و کومەڵایەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٢٠٠٧)، ئەم بابەتە و چەندین پرس و کێشەی دیکە، کە رووبەڕووی نەتەوەی کورد دەبنەوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو پرۆسەیەی ئێستا لە کوردستان بەڕێوە دەچێ، پرۆسەیەکی دوور و درێژە بەڵام تا ئێستا لە مێژووی کوردستان و عێراق و تورکیا ئەم جۆرە پەیوەندییە دروست نەبووە. پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی بەرچاو لە کوردستان بەدی دەکرێت، بەڵام لە عێراق ئەو پێشکەوتنە لە ئارادانییە و بارودۆخی گشتی ئەو وڵاتە بەرەو خراپی دەڕوات. وشەی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە کوردی تێدا دەژیێن. ئەو ناوچانەش دابەش دەبن بەسەر وڵاتەکانی تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا. تاکە وڵاتی نا ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە وڵاتی ئیسرائیل.

ئۆسلن جەختی لەسەر پێشبڕکێی نێوان ناشنالیزم و کاپیتالیزمی کوردستان کردەوە و رایگەیاند کە دەتواندرێ نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە عێراق بهێندرێتە کایەوە، ئەگەر ئاستی ئەو



بارەی کە لەنێوان فاکتەری ناشنالیزمی و کاپیتالیزمیدا هەیە بەرەو ئاستێکی باشتر و بەرزتر بچێت. هەروەها بابەتێکی تری گفتوگۆیەکان لە نێوان شارەزایە نێودەوڵەتییەکان، کە بەشداریی ئەو کۆنفرانسەیان کردبوو، بریتیبوو لەوەی کە ئاخۆ ئەو کوردستانە سەربەخۆیەی کە ئەگەر بێتەکایەوە دەبێتە دەوڵەتێکی ئیسلامی یان نا ئیسلامی.

ئونور داگلێر، کە پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی جاگ لە تورکیا، گوتی: "بۆچوونی خۆی بۆ قۆناغێکی زۆر دوورتر برد لەوەی کە لە هەل و مەرجی هەنووکەدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێوەیەکی گشتی گوتی: "منیش لەو باوەڕەدام کە لەوانەیە بارودۆخی ناوچەکە پەرەبسێنێت بۆ قۆناغی پێشکەوتوو تر و ئەو پرس و مەسەلانەش خەیاڵی نین و بەڵکو لە واقیع نزیکن". گرنگیی ئەو دەستپێک و گفتوگۆیە لەسەر ئەو پرسە هەنووکەییانە گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆ باشتر ناساندنی نەتەوەی کورد و خستنە رووی وێنەیەکی روونتری گەلی کورد لەبەرچاوی نەتەوەکانی تری جیهان.

کایل ستێگرۆڵد، کە قوتابییەکی قۆناغی دووەمە لە کۆلیژی زانستی کۆمپیوتەر و مێژوو لە زانکۆی کنتاکی، گوتی: "من زۆر شارەزای بارودۆخی کوردستان نیم، بەڵام هاوڕێی کوردم هەیە کە باسی کوردستانم بۆ دەکەن، لەمبارەیەوە چەند راستییەکی مێژوویی دەربارەی ناوچەی کوردستان دەزانم، ئەویش ئەوەیە کە کوردستان تەنها باکووری عێراق ناگرێتەوە بەڵکو رووبەرێکی فراوانی هەیە کە لە قۆناغێکی مێژوودا دابەش کراوە بۆ چەند پارچەیەک و خراونەتە سەر چەند وڵاتێکی دراوسێیان کە بریتین لە تورکیا و عێراق و ئێران...هتد".

لەمیانی گوتەکانیدا، پرۆفیسۆر ئۆسلن بارودۆخی ئێستای کورد و کوردستانی لەگەڵ بزووتنەوەی زایۆنی بەراورد کرد. هەر هەمان بزووتنەوە بوو کە دوای ٣١ ساڵ بووە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل. هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رووەو بەهێزکردنی ئەگەری دروستبوونی نەتەوەیەکی سەربەخۆیە بۆ گەلی کورد. بەم پێیەش کوردەکان دەتوانن بڕیار لەسەر چەندین مەسەلەی چارەنووسساز بدەن بۆ نموونە پێناسەی گەلی کورد هەتا ئەگەر ئەو پێناسە ئیسلامیش بێت.

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:**
**رەشوان رەمەزان گەلاڵی**

جێگری سەرنووسەر
محەمەد وەسمان

دەستەی نووسەران
ئیسماعیل خالید گەلاڵی – محەمەد سەعید کوردە – هاوژین عومەر – سەباح شێخانی – محەمەد رەشاد – ئەژی چەتۆ حەسەن – بەهرام محەمەد (کاکل)

بەڕێوەبەری هونەری
کاوە فاروق

نەخشەساز
تەحسین جەلال – سەنگەر حوسێن – ئاسۆ خالید – شاخەوان جەعفەر – سۆزان محەمەد

پەیامنێران
هەژار ئیسماعیل– هێمن حەساری– هێمن نوری– رێبوار مارف – دلێزار لەشکری
ئاوات مەحموود– **سلێمانی**
سەردار زەنگەنە– **کەرکووک**
حەکیم بۆتانی– **دهۆک**
نزار گزالی– **سۆران**

بەرگ
سەربەست عومەر
وەرگێڕ: هاوڕێ رەشید

سەرپەرشتی چاپ
سەعد شکاک
نەهرۆ عوسمان

هەفتەنامەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە: www.heremikurdistan.com
Eimail:heremi_kurdistan@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر –بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپەمەنی تەلەفون: ٢٥٣١٣٩١
نرخ (٥٠٠) دینار